وارسی شەهید\ شەونم عبدالكريم شريف

ژمارەی شەهید =(١٧) کەس

من کە **شەونم عبدالقادر شەریفم** ناوە لەکارەساتی دڵتەزێنی کیمیابارانی ساڵی (١٩٨٨) لەهەڵەبجەی شەهیدو ناوچەو شارۆچکەکانی شارەزوور ئەوکاتە لەسیروان دادەنیشتین بەهۆی بارودۆخی نائاسای ناوچەکەوە, لەنیوەشەوێکدا و لەبەرەبەیاندا بارودۆخی ناوچەکە خۆی بەنائاسای پیشاندا, جموجوڵی خەڵکی ناوچەکە بەجارێ شڵەژابوو, هەرکۆمەڵ و بنەماڵەو خێزانێك بەلایەکدا پەرش و بڵاو دەبوون و رَِایان دەکرد پەلی مناڵەکانیان دەگرت و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت, من و خێزانەکەم لەسیروان بووین بەهۆی تۆپباران و بۆمبارانکردنەوە لەلایەن تانك و فرۆکەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە بەپێ دەستمان کرد بەڕۆشتن لەسیروانەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید بۆماڵی باوکم و خزمان, لەڕێگەی سیروان فرۆکەیەك تەقەی لێکردین بەڵام سەلامەت بووین, بەوهۆیەوە توانای دەرچونمان نەبوو, گەڕاینەوە بۆسیروان و چوینە ژێرزەمینەوە بۆخۆپاراستن, تۆپ دای لەحەوشەی ماڵەکەمان بوتڵی غازەکەمان گڕیگرت بەڵام من و خێزانەکەم سەلامەت بووین.

لەکاتی تەقەکردنی فرۆکەکە لێمان کچێکم بەناوی سمەیەوە لێمان جیابویەوە و ئێمە لەژێرزەمینەکەدا شەوتابەیانی لەناڵەی تۆپ و بۆمبا خەڵکی خەولەچاوی نەکەوت, لەبەرەبەیانی ڕۆژی دووەمدا دەستی مناڵەکانمانگرت و لەژێرزەمینەکەو ماڵەوە دەرچووین بەدەشت و دەردا لەڕێگەی تەپەکوڕەو خێڵی حەمەوە بەپێ بەرەو ئەحمەدئاوا ڕۆشتین, تاکو گەیشتینە سەرجادەی (خورماڵ-ئەحمەدئاوا) لەوێ سواری سەیارەی پاسدارانی ئێران بووین بەرەو ئەحمەدئاوا تاکو گەشتینە ئەحمەدئاوا لەوێ بەپێ بەرەو (بنی پەڵگ و چەمی زەڵم)ڕۆشتین لەوێ ماینەوە, هەواڵی ماڵی باوکم و براو خوشکەکەم پرسی ووتیان دیومانن بەسەیارە بەرەو سلێمانی دەرچوون, شەم چوینە بن تاشەبەردەکان شەومان بەسەرماو ترسەوە بەسەربرد, بۆڕۆژی چوارەم لەکاتژمێر (٩-١٠)ی بەیانیفرۆکەکانی بەعس هاتن و دەگەڕان بەسەرناوچەکەدا دوای ماوەیەککەم هاوارو هەراو گریان دەستی پێکرد هەرکەس بۆخۆی هاواری دەکرد, فرۆکەکان گازی ژەهراویان ڕشت بەسەر خەڵکەکەدا, دوای چەند خولەکێك هەستمان بەناڕەحەتو هەناسە توندو چاو ئاوکردن و کزانەوە دەکرد خەڵك دەستیان کرد بەڕاکردن بەرەو زەڵم و ڕووبە ئێران, ئێمەش وەکو خەڵك بەگشتی ڕۆشتین,بەڵام باپیرەی مێردەکەم کەلەگەڵمان بوو بەهۆی پیری و لێدانی گازی ژەهراویەوە پەککەوتبوو, نەیتوانی لەگەڵماندابێت و بۆیە هەرلەوێ تەنیا خۆی بەجێمان هێشت, ئێمەش بەرەو ئێران کەوتینە ڕێ, ناوبەناو هەواڵی ماڵی باوکم و کەس و کارم ئەپرسی کەلەهەڵەبجە بوو هەرکەس وەڵامێکی

دەدامەوە توشی دڵەڕاوکێیان کردبوم , لەڕێگا سەیارەی سوپای ئێران سواریان کردین, تاکو گەشتینە دێی (دزڵی) لەخاکی ئێران ئێوارەیەکی درەنگ بوو لە دزڵی بەهۆی نارِەحەتیمان بردینیان بۆنەخۆشخانەو دەرزیان لێداین ئیتر شەوبەسەردا هات و ئاگامان لەهیچ جموجولێك نەبووە, لە دزڵی شەو سواری سەیارەیان کردین بردینیان تاکو گەشتینە شوێنێك شەو چوینە ناو قوتابخانەیەك کەپرسیارمان کرد ووتیان ئەم شوێنە پێی دەڵێن (بخشداری شوێشە).

شەو لەوێبووین و بۆرِۆژی پێنجەم سواری سەیارەیان کردین بردینیان بۆئوردوگای (شوێشە) لەسەر رِێگەی (شوێشە) (دێی نگڵ).لەوێ کێگیربوین و خێمەیان بۆ هەڵداین بووبەشوێنمان, بۆنی کیمیایمان لێدەهات چاوکان سوربوو هەریەکەو لەلایەکەوە دەگریا بۆکەس و کاری مردووی هەندێك کەسیش هاواریان دەکردو دەگریان بریندارى کیمیای بوونبۆچەند رۆژێ دوای ئەو کاتە ناخۆشە پاسیان هێناو بردینیان بۆ حەمام بۆپاککردنەوەمان لەکیمیای,لەدوای هێناینیانەوە بۆشوێشە ژیانێکی سەخت بێئاو بێ رِێ و بێ جێ,کاتێك خواردنیان دەهێنا بۆناو خەڵکەکە لەبرسانا خەڵك شەرِی دەکرد, هەرکەسێ ئازابوایە بەشی خۆی دەبرد, تاماوەیەك وابوو ئیتر بارودۆخ گۆرِا لەناو ئۆردوگاکە شوێنێکیان دانا پێیان دەگوت (دەفتەر) چەند پاسدارو مەسئولیان دانا بۆمان ئەوانیش لەناوخۆیاندا نمائیندەیان دانا هەڵمانبژارد بۆدابەشکردنی خواردن و کەل و پەل, چاوم بەهەرکەس دەکەوت ئەمووت ماڵی باوکمتان نەدیووە دەیانگوت بەسەیارەی خۆیان رۆشتون بۆسلێمانی. لەبەرئەوەی کەس نەیدەتوانی ئەو هەواڵەم پێ بڵێ ئەوان سێ خێزان بوون:

ماڵی باوکم (٥) کەس

ماڵی برام (٦) کەس

ماڵی خوشکم (٦) کەس.

دوای(٤٠) شەو ماڵی خەسوم ئێمەیان دۆزیەوە هاتنە لامان کچەکەم بەوان بوو, کچەکەم منی نەدەناسی هەرچەند پەلاماریم دەدا ماچی بکەم بەڵام ئەو دەترسا لێم نەیدەناسیم, ژیانێکی سەخت پرِ لەخەفەت, بەهیچ شێوەیەك خەبەری کەس و کارم نەدەزانی, ماڵی پورزایەکم لە (نگڵ) بوو ناوی (شێخ کەمال کورِی شێخ ﷴ حسامەدین)بوو من کەباوکم خاڵۆی بوو فرماندابوو بمبەن بۆئەوێ بۆئەوەی ئەوان لەوێ پێم بڵێن, بەڵێ بردمیان بۆئەوێ بینیم پورێکم (خاتو زارا) دانیشتبوو دوای بەخێرهاتن هەردەگریان و هاواری دەکرد پێی ووتم کەوا کەست نەماوە هەرهەمویانتیاچون, مەگەر خواخۆی بزانێت چ حاڵێکم بوو هەرلەوێ یەکسەر پشتم شکا دانیشتنم نەما هەتا (٢)مانگ هەرلەجێگابووم.

ژیانێکی سەختتر دەستی پێکرد, برایەکم بۆماوەی (٥)مانگ لەقەرەداغ پیشمەرگەیە کاتێك دەگەرَِێتەوە بەناو بەفر, بەپێ ماوەی (٢٥) رۆژ دێت تادەگاتە ئێران هەرچی قاچی هەیە هەمووی لەئیش کەوتبوو بەفر بردویەتی,پێشمەرگەی نەسرەدین بوو, براکەم هەرگەشتبووە نگڵماڵی پورزاکەم پێیان ووتوە کەسی نەماوە هەرلەوێ عەقڵی لەدەست داوەو شێت بووە, چووم هێنامەوە بۆئوردوگای شوێشە, شەوتابەیانی دەگریا بەیانی تاشەو دەگریا.

ئەو ژیانەی من هەمبوو بەس بەدەم باسدەکرێ یان بەقەڵەم باس ناکرێ هەناسەی ساردم بەردی دەکرد بەئاو لەخەفەتی براکەم خێزانەکەم بیرنەمابوو, کورێکی قۆز باڵابەرز قوتابی زانکۆ هیچ هەستی نەما شعوری نەما عەقڵی نەما هەر رِۆژێك بۆشوێنێکم دەبردبۆی دکتۆر چەندجار لەخەسەخانەی سنەو هەمەدان بەڵام بێسودبوو,هێنامەوە ناوخێمە,یەك رِۆژ نەم ئەتوانی دانیشم هەر رِۆژێ بۆشوێنێك بۆلای ئەم شێخ و ئەو مەلاو ئەو شەخس. ژیانێکم هەبوو رۆژی چەندجار ئاواتم دەخواست بەشەهیدەکان خۆزگەم دەخواست کەوا منیش بمردمایە. خوشکێکم ماڵی لەسیروان بو دەرچووبوو بۆ سلێمانی ناوی (سەرگوڵ) بوو, ئەو سەیارەی ماڵی باوکم تیاچون پێی ناوی (پیکاب دۆج) ئەو پیکابە (٨)خێزانی تیابوو کەسیان نەما, ماڵی باوکم لەکانی قولکەبوون بەڵام لەماڵ دەرچوون رِوبە عەنەب رِۆشتبوون بۆدەربازکردنی گیانیان, بەڵام قەدەری خوا وابوو کەگەشتبونە ناوباخەکانی عەنەب کۆپتەرەکانی بەعس کیمیایان بەسەردا کردبوون هەموویان دەست بەجێ مردبوون.دوای (٦) مانگ مانەوەمان لەئێران عەفوات درا ئێمەش گەرِاینەوە بۆ عیراق هاتینەوە هەتاکو گەشتینە عەربەت لەوێ پیاوەکانمان بردنیان بۆسەربازی ئێمەشیان بردبۆ بازیان شەو لەوێ ماینەوە بۆبەیانی هەواڵمان زانی کەوا دەمانبەن بۆ بەرحوشتر خۆمان لەو رۆشتنە دزیەوەو هاتین بۆ سلێمانی لەوێش خۆمان شاردەوە, ژیانمامن بردە سەر لەوێ.